# The Role of Kurdish Jurists in the Course of the Aylul Revolution (1966-1963)

Faris Latif Yahya[1], Shakhwan Abdullah Sabir[2]
Soran university – Faculty of Arts

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.29*

*Published: 15/1/2025*

***Abstract***

*Research about the role and influence of Kurdish lawyers in activating and managing an important institution such as the judiciary during the Aylul Revolution, during the July 12, 1963, which was the first day of the establishment of the Supreme Court until (1966). It is important that when the revolution began in South Kurdistan, there was no administrative institution in the areas under the control of the Aylul Revolution, but the efforts of the intellectual and political elite tried to open several administrative institutions in the region. To handle the affairs of citizens and solve their problems fairly.*

*This study uses analytical methods, using and relying on sources of sources, interviews, evaluation, and analysis of events and recording them based on historical science and determining the role of lawyers and some Kurdish judges in the courts of the revolution*

***Keyword**: Aylul Revolution, the Supreme Court, the judges of the revolution, Lawyer Omar Habib, social problems*

# ڕۆڵی مافناسانی کورد لە دادگاکانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵانی (١٩٦٣-١٩٦٦ز)دا

م. فارس لەتیف یەحیا
زانكۆی سۆران- فاكەڵتیی
faris.yahya@soran.edu.iq

پ ی. د. شاخەوان عەبدوڵڵا سابیر
زانكۆی سۆران- فاكەڵتیی ئاداب
Shakhawan.sabir@soran.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوە لەبارەی ڕۆڵ و کاریگەری مافناسانی کوردە لە چالاککردن و بەڕێوەبردنی دەزگایەکی گرنگی وەک دامەزراوەی دادوەری لە شۆڕشی ئەیلول لە ماوەی (١٢ تەمموزی ١٩٦٣ز)دا، کە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی دادگای باڵا بوو تاوەکو ساڵی (١٩٦٦ز). بایەخی لەوەدایە، کاتێک شۆڕش لە باشوری کوردستان دەستیپێکرد، هیچ دامودەزگایەکی کارگێڕی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلول نەمابوو، بەڵام بەکۆششی دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیر و سیاسی پسپۆر هەوڵ بۆ کردنەوەی چەند دەزگایەکی کارگێڕی لە ناوچەکە دراوە، لەسەروی هەموویانەوە، دامەزراندنی دەزگای دادوەری بە یەکێک لە دەزگا گرنگ و کاریگەرەکانی کارگێری شۆڕش دادەنرێت، بۆ ڕاییکردنی کاروباری هاووڵاتیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە.

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی شیکاری بەکارهاتوە، بەسوود وەرگرتن و پشتبەستن بە زانیاری سەرچاوەکان و چاوپێکەوتن و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ڕووداوەکان و تۆمارکردنیان لەسەر بنەمای ڕێبازی زانستی مێژوویی و دیاریکردنی ڕۆڵی مافناسان و هەندێک لە دادوەرانی کورد لە دادگاکانی شۆڕش خراوەتەڕوو.

وشە کلیلیەکان: شۆڕشی ئەیلول، دادگای باڵا، دادوەرانی شۆڕش، حاکم عومەر حەبیب، کێشە کۆمەڵایەتیەکان.

پێشەکی

(دادگا) بە یەکێک لە کۆڵەگە گرنگەکانی شۆڕشی ئەیلول لە باشوری کوردستان دادەنرێت. ئەگەر چاوێک بە مێژووی شۆڕشی ئەیلولدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت، کە لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان گرنگیەکی زۆر بە دامەزراوەی دادوەری دراوە، چونکە هەڵگیرسێنەرانی شۆڕش تێگەیشتنێکی تەندروستیان بۆ بنەما دادپەروەریەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی هەبووە. مەبەستیان بووە لە ڕێگەی دامەزراوە کارگێریەکانی سەر بە شۆڕش

بە تایبەتی دادگاکان، دادپەوەری لە ناو کۆمەڵگە دەستەبەربکەن، لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی هاوولاتیان، سەرەڕای هەبوونی چەندین ئاستەنگی سیاسی و کۆمەلایەتی لە بەردەم دامەزراوەکانی شۆڕش، لە هەنگاوێکی کردەییدا لە (١٢ تەمموزی ١٩٦٣ز) دادگای باڵای شۆڕشیان دامەزراند.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی مافناسانی کورد لە دادگاکانی (شۆڕشی ئەیلول) لە ساڵانی (١٩٦٣-١٩٦٦ز)دا، باس لە ڕۆڵ و کاریگەری مافناس و دادوەرانی کورد کردوە، کە هەوڵ وتێکۆشانیان لە سەردەمێکی گرنگ و هەستیار لە باشوری کوردستان بۆ بنیاتنانی بەدامەزراوەکردنی شۆڕشی ئەیلول دەستپێکرد، یەکەمین هەنگاویشیان ڕۆڵبینین بووە لە دامەزراوەیەکی گرنگی وەک دادگا. بە دامەزراندنی دادگای باڵا توانیویانە شۆڕش بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاڕاستەبکەن، کە بنیاتنانی دامودەزگا کارگێڕی و سەربازی و سیاسیەکان، بۆ دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی ڕوون لەسەر بنەمای دەستەبەرکردنی فەرمانڕەواییەکی تەندروست و دادپەروەر و خاوەن سەروەری هەنگاو بنێت.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە، وەڵام بۆ چەند پرسیارێک وەربگرینەوە، لەوانە، ئایا مافناس و دادوەرانی کورد، تاچەند توانیویانە لە ڕێگەی دادگاکانی شۆڕشی ئەیلولەوە ئارامی و ئاسایش بۆ هاوولاتیانی ژێر دەسەلاتی شۆڕش دەستەبەربکەن و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بکەنە بنەمای متمانەبوون لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و هاوولاتیان. هەروەها ئایا دادگاکانی شۆڕش توانیویانە بەشێوەیەکی تەندروست و دوور لە دەستێوەردانی بەرپرس و کادیرانی حزبی و سەرکردە سەربازیەکان، کێشەکان یەکلاییبکەنەوە، مافی مافخوراوەکانیان بۆ خاوەنەکانیان بگێڕنەوە؟

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بە دیارخستنی ڕۆڵ و کاریگەری بەشێک لە مافناسان و دادوەرە کوردەکان بوو، لە بنیاتنانی دامەزراوە دادوەریەکانی شۆڕشی ئەیلول لە باشوری کوردستان لە ساڵانی (١٩٦٣- ١٩٦٦)دا، لە چارەسەر و ڕاییکردنی کێشە و پرسە یاساییەکانی هاوولاتیان و گێڕانەوە و دەستەبەرکردنی مافی هاوولاتی و هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ڕێگای دادگاکانی شۆڕشەوە.

توێژینەوەکە لە دەروازە و دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتوە، لە دەروازەدا بە ناونیشانی (هەوڵە بەراییەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و هەنگاونان بۆ بنیاتنانی دادگاکان ١٩٦١- ١٩٦٣)، تیشکی خستۆتە سەر قۆناغی سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕش تاوەکو تەمموزی ١٩٦٣، کە لەو ماوەیە هیچ دامەزراوەیەکی دادوەری نەبووە، لە شوێنی دادوەرکان، کادیرانی پارتی و

سەرکردە سەربازیەکان و پیاوانی ئاینی کاری دادوەریان کردوە. تەوەری یەکەم بە ناوی (ڕۆڵی مافناسانی کورد لە دامەزراندنی دادگای باڵای شۆڕش لە تەمموزی ١٩٦٣) ڕۆڵی مافناسانی کوردی لە بنیاتنانی دادگاکە لە (ماوەت) خستۆتەڕوو، تیشکی خستۆتە سەر چۆنیەتی پێکهێنانی دادگا و ناساندنی دادوەرەکان و بەڕێوەچوونی دادگاییکردنی تۆمەتباران و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە ماوەی ئاماژە بۆکراودا. تەوەری دووەم لەبارەی ڕۆڵی مافناسان لە دامەزراندنی دادگاکانی شۆڕش لە ماوەی (١٩٦٤- ١٩٦٦). باس لە ڕۆڵی مافناسانی کورد لە قۆناغێکی گرنگی شۆڕش کراوە، لە دوای دەستپێکردنی دانوستانەکانی نێوان کورد و سەرۆک کۆماری عێراق (عەبدولسەلام عارف) بە تایبەتی ڕێککەوتنی نێوان بارزانی و سەرۆک کۆماری عێراق لە (١٠ی شوباتی ١٩٦٤ز) کە سەری کێشا بۆ ناکۆکی و لێکترازان لە شۆڕشدا. لەم قۆناغەدا باڵی بارزانی لە دوای بەستنی کۆنگرەی شەشەم، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول، چەند دامودەزگای کارگێڕی و سەربازی و سیاسی بنیاتنا، لەم چوارچێوەیەش دامەزراوەی دادگای جارێکی تر چالاک بوویەوە، کە بە هۆی لێکترازانی نێوان مەکتەبی سیاسی و بارزانی لەکارکەوتبوو.

مایەی ئاماژە بۆ کردنە، ئەو سەرچاوانەی لە توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە، کۆمەڵێک سەرچاوەی هەمەجۆر و ڕەسەنن، وەکو چاوپێکەتن و یاداشت و لێکۆڵینەوە. یەکێک لەو سەرچاوانەی گرنگیەکی زۆری بۆ توێژینەوەکە هەبووە، کتێبی (كردستان العراقية هوية الوطنية- (دراسة في ثورة ١٩٦١) ی (عصمت شريف وانلي) زانیاری گرنگی لێوەرگیراوە لەبارەی دامەزراندنی دادگا و دانانی دادوەرەکان و ئەو یاسایەی دادگای پێ دامەزراوە. بیرەوەری و یاداشتەکان جۆرێکی ترن لەو سەرچاوانەی بۆ توێژینەوەکە سوودیان هەبووە. لە ناویاندا بیرەوەریەکانی (موحسین دزەیی) بە ناوی (وێستگەکانی ژیانم، ٢٠٠٩، بەرگی دووەم، لە وەرگێڕانی ئیسماعیل بەرزنجی) و بیرەوەریەکانی (فەرهاد عەونی) ( ڕۆژگارم ئاواتێپەڕی، ٢٠٠٦، بەرگی یەکەم)، گرنگی ئەو بیرەوەریانە لەوەدایە خۆیان ئەندامی گرنگی ناو دادگاکان بوونە بە تایبەتی (موحسین دزەیی) وەکو یاساناسێک ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە بڕیارەکان و دامەزراندنی سیستەمی دادوەری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد. جۆرێکی تر لەو زانیاریانەی لە توێژینەوەکە بەکارهاتوون چاوپێکەوتنی هەریەک لە ( فەرهاد عەونی ٢٧ تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، موحسین دزەیی لە ٤ کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ لە هەولێر) بوون، ئەو دوو چاوپێکەوتنە گرنگیەکی زۆری بۆ توێژینەوەکەمان هەبوو، بە تایبەتی هەندێک پرسیار پێویستی بە وەڵام و زانیاری ورد هەبوو، کە لە یادشتەکانی خۆیان ئاماژەیان پێنەکردوە.

دەروازە: هەوڵە بەراییەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و هەنگاونان بۆ بنیاتنانی دادگاکان (١٩٦١-١٩٦٣)

کاتێک شۆڕشی ئەیلول لە باشوری کوردستان لە (١١ ئەیلول ١٩٦١) سەریهەڵدا، نەتەوەی کورد بە بارودۆخێکی خراپدا گوزەری دەکرد، هیچ ئامادەکاریەک نەکرابوو، بۆ ئەوە دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن و کارگێری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش بنیاتبنرێت، سەپاندنی شەڕ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بەسەر کوردی باشوری کوردستان میللەتی کوردی ناچارکردبوو، لە نێوان سالانی (١٩٦١- ١٩٦٣) بەرگری لە خۆی بکات. ئەوەش وایکردبوو، بوار بۆ سەرکردایەتی شۆڕش نەڕەخسێت، بەشێوەیەکی گشتی هیچ دامودەزگایەکی کارگێڕی و دادوەری لە سنوری قەڵەمڕەوی خۆی دروستبکات. لەبەرئەوەی لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشدا، سەرکردایەتی شۆڕش تەنها لە دۆخی خۆپاراستن و بەرگریکردندا بووە، بارودۆخی هێزی پێشمەرگەی کوردستان جێگیر نەبوو. لەهەمانکاتدا جوگرافیای ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کوردستان لە گۆڕاندا بوو.

پێش دروستبوونی دادگاکان، لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، کادیرانی پارتی پرسە کۆمەڵایەتی و گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵگەیان چارەسەردەکرد، لە شوێنی دادگاکان بڕیاریان لەسەر کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکان دەدا، هەرچەندە هەندێک لە کادیرەکانی پارتی دڵسۆزانە کاری خۆیان لەم بوارە ئەنجامداوە، پابەندبوونێکی تەواویان بە ڕێنماییەکانی پارتایەتی و ئۆرگانە حزبییەکانی سەرووی خۆیان هەبوو، بەڵام لە ئەنجامی چۆن یەک نەبوونی ئاستی تێگەیشتنیان و نەبوونی زانیاری ورد زۆرجار هەندێک لە کادیران زێدەڕۆیی یان لایەنگیریان لە بڕیاردان لە سەر پرسەکان پێوە دیار بووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕێچکەی دادپەروەری دادەنا و نادادی شوێنی دەگرتەوە، مافی یەکێکیان بەیەکێکی تر داوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد عەونی، ٢٧ تشرینی دووەمی ٢٠٢٢).

جگە لە توێژی کادیران بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی و کاریگەریان لە کۆمەڵگەی کوردی، پیاوانی ئاینی ڕۆڵێکی بەرچاویان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و خێزانیەکان هەبوو، بە تایبەتی لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلول (خان ئاودەلی، ٢٠١٤، ٢٤٢ )، بۆ نموونە بە بڕیاری مستەفا بارزانی لە سنوری هەر هێزێکی پێشمەرگە، پیاوێکی ئاینی وەکو قازی شەرعی دیاریکرا، مەلا وەیسی ڕۆستایی (١٩٠٤- ١٩٧٩)، مەلا مستەفای هیرانی (١٩٠٦- ١٩٩٣)، مەلا قادری سکتانی

(١٩٢٧– ٢٠١٧) لە نموونەی ئەو پیاوە ئایینانە بوون، کە لە ناوچەکانی شۆڕش ڕۆڵیان بینیوە (نانەکەلی، ٢٠١٦، ١٠٣).

شایەنی باسە، هەر بە مەبەستی ڕاییکردنی کاروباری هاوولاتیان بەهۆی نەبوونی دامودەزگای تایبەت بە دادوەری، لە پێش پێکهێنانی دادگای باڵای شۆڕش، لە هەندێک لە ناوچەکانی کوردستان لیژنەی تایبەت پێکهێنرابوون، بۆ نموونە سەرکردایەتی شۆڕش لە ناوچەی (بادینان) لیژنەیەکی لە پیاوانی ئاینی و کادیرانی پارتی و پیاوماقوڵانی ناوچەکە بەسەرکردایەتی مەلا ئەنوەر مائی[1] پێکهێنابوو، کاری ئەو لیژنەیە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی بوو، لیژنەکە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ سەردانی ئەو ناوچانەی دەکرد، کە کێشەی تێدا هەبووە، هەوڵی چارەسەرکردن و نەهێشتنی کێشەکەی دەدا، بە ڕازیکردنی لایەنە کێشەدارەکان. ئامانجیشیان تەشەنەنەکردن و فراوان نەبوونی کێشەکان بوو، بۆئەوەی کاردانەوەی کۆمەڵایەتی خراپیان لێنەکەوێتەوە، کاریگەری نەرێنی بۆ سەر ڕێزەکانی خەڵک دروستنەکات (محمد، ٢٠٢١، ٣٥)، هەروەها لە شاری (کۆیە) لە دوای کودەتای (٨ شوباتی ١٩٦٣)، دوای ئەوەی پێشمەرگە گەڕایەوە شار، کارگێڕیەکی خۆجێی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهێنرا. مافناس عومەر مستەفا (دەبابە) سەرپەرشتی دەکرد. مەلا مەعسوم هەورامی بەرپرسی کاروباری ئاینی لە ئەستۆ بوو. دکتۆر خالید سەعید بەرپرسی لایەنی سەربازی بووە. پارێزەر و مافناس عەبدوڵلا کانی مارانی بەرپرسی کاروباری دادوەری بووە (ئەحمەد، ٢٠٢٣، ٩٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال محێددین، ٢٠ ئازار 2023 لە هەولێر).

شایانی باسکردنە، سەرەڕای ئەوەی هیچ دامەزراوەیەکی دادوەری نەبوو، بەڵام لە هەندێک ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، هەندێک لە مافناسانی کورد ڕۆڵی دادوەریان گێڕا، زۆرجار بڕیاریان لەبارەی هەندێک کێشە دەدا، گرفتەکانی ناوچەکە و پێشمەرگەیان چارەسەردەکرد یان ئەگەر کێشە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و ئۆرگانەکانی حزب هەبوایە، لە لایەن دادوەرەکان هەوڵی چارەسەرکردنی دەدرا، هەروەک تەها بابان کە لەناوچەی (بەرزنجە) وەکو دادەوەری شۆڕش دەستبەکار بووە، لە ئەنجامی هەبوونی ناکۆکی و لێکتێنەگەیشتنی نێوان سەر لقی هێزی پێشمەرگە و بەرپرسی حزبی لە ناوچەکە، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەی داوە (جەلال، ٢٠٢١، ٦٠–٦١ )، دوای ئەوەی شارۆچکەی (قەڵادزێ) لە ساڵی ١٩٦٣ کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگە. دادوەر عومەر حەبیب کۆیی (١٩٢٣–١٩٧٦)[2] دادوەری شارۆچکەکە بوو. ناوبراو وەک دادوەر لە شوێنی خۆی مایەوە، کاروباری دادگای (قەڵادزێی)

ڕاییدەکرد، تاوەکو پێکهێنانی دادگای باڵای شۆڕش لە تەمموزی ١٩٦٣ دەکرێتە سەرۆکی دادگاکە (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد عەونی، هەولێر ٢٧ تشرینی دووەم ٢٠٢٢).

**تەوەری یەکەم: ڕۆڵی مافناسانی کورد لە دامەزراندنی دادگای باڵای شۆڕش لە (تەمموزی ١٩٦٣)**

بارودۆخی بێ دادگایی لە ناوچەکانی قەڵەمڕەوی شۆڕشی کورد، تاوەکو دوای کۆتایی بە دانوستانەکانی نێوان کورد و بەعسییەکان هات، بەردەوام بوو. دەسەڵاتی ڕەها لە لایەی کادیران و سەرکردە سەربازیەکان بووە، لە دوای ئەوەی دانوستانەکانی کورد و حکومەتی عێراق نەگەیشتن بە ڕێکەوتن، کە لە ئەنجامی کودەتای هەشتی شوبات لە ئارادابوو، بووە هۆی تێکچوونی بارودۆخی کوردستان و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە لایەن حکومەتی عێراق لە (٩ی حوزەیران ١٩٦٣) پەلاماری ناوچەکانی کوردستانیدا. هێرشی سەربازی بۆ سەر کوردستان دەستی پێکردەوە. بەعسییەکان بەشێوەیەکی بێبەزەییانە کەوتنە گیانی هاوولاتیان بە هەموو توێژە جۆراوجۆرەکان، قەسابخانەکەی ٩ی حوزەیران ١٩٦٣ لە شاری سلێمانی یەکێک بوو لە ستەم و زۆرداری بەعسییەکان. لە ئەنجامدا کۆمەڵێک مافناسی کورد بە هۆی توندوتیژی بەعسی و نەتەوەییە عێراقیەکان و هێزی حەرەس قەومی ناوچەکانیان جێهێشت و پەیوەندیان بەڕێزەکانی شۆڕشی کوردەوە کرد. ئەمانیش هەریەکە لە موحسین دزەیی (دزەیی، ٢٠٠٩، ب٢، ٣٥-٣٧)، عومەر حەبیب کۆیی (چاوپێکەوتن لەگەڵ فرهاد عەونی، هەولێر، ٢٧ تشرینی دووەم ٢٠٢٢)، ڕۆبیتان ئەمین عەلی جاف[٣]، ساڵح حەیدەری (١٩٢٢-٢٠٠١)، عەونی یوسف (١٩٠٨-١٩٨٨) لەگەڵ چەند مافناسێکی تر، هاوکات بەشێکیشیان لە لایەن بەعسییەکانەوە گیران یان دوورخرانەوە بۆ ناوچەکانی خۆرئاوا و خواروی عێراق یان بەهۆکاری سیاسی لەنێوبردران. لەوانە، نافع یونس سەرکردە لە حزبی شیوعی عێراقی لە زیندان لە ژێر لێدان و ئازاردانی بەعسییەکان گیانی لەدەستداوە (الشهداء الحزب الشيوعي العراقي، ٢٠٠٨، ج١، ٢٤٩)، هەریەک لە هادی ڕەشید چاوەشلی (١٩٢٢-١٩٩٦)(شريف، ١٩٩٧، ٣٣)، هەروەها موکەڕەم تاڵەبانی و مستەفا عەسکەری (١٩٣٤-٢٠١٨) لە پێش هاتنی بەعسییەکان بۆ سەر دەسەڵات لە بەغدا زیندانی کرابوون (القيسي، ٢٠٢٣، ٢٦٩-٢٧١؛ عەسکەری، ٢٠١٩، ١١٥).

دوای فراوانبوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد، بەهۆی هەبوونی بۆشایی کارگێڕی و دادگەری، سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بیریان لە پێکهێنانی دادگای باڵای شۆڕش کردەوە. سەرەتا سودیان لەو پارێزەر و دادوەرە کوردانە وەرگرتوە، کە بەهۆی فشارەکانی حزبی بەعسەوە شار و شارۆچکەکانیان بەجێهێشت

و پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە (تەمموزی ١٩٦٣) بڕیاری پێکهێنانی دادگای باڵای شۆڕش درا، بەهۆکاری ئەوەی شۆڕش، کردنەوەی دادگای بە پێویستیەکی گرنگ دەزانی، بۆیەش بوونی دام و دەزگای دادپەروەری هاوشێوەی دام و دەزگا دادپەروەریەکانی حکومەتی عێراقی، بووە پێویستیەکی ئەم قۆناغە، بۆئەوەی لەو کێشانە بڕوانێت کە پەیوەستن بە دادگاکانەوە، دادگای باڵا لە پێکهاتە و ئەرکەکانیدا پشتی بە یاسا و سیستەمە کارپێکراوەکان و بنەما یاساییەکانی دادگاکان دەبەست لەوانە یاسای سزادانی بەغدا (محمد، ٢٠٢١، ٣٥).

ئەوەی شایەنی باسکردن بێت، یەکەمین کاری سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ کاراکردنی دادگای باڵای شۆڕش دەستنیشانکردنی دەستەیەک لە دادوەرانی خاوەن بڕوانامەی کۆلێژی مافی بەغدا و ئەفسەرانی پۆلیسی شارەزا و بە ئەزموون بوون لە بواری لێکۆڵینەوەدا. بە مەبەستی بەڕێوەچوونی کاروباری دادگاکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کوردستان (عەونی، گوڵان العربی ٢٥ تموز١٩٩٧، ٦٢؛ نانەکەلی، ٢٠١٦، ١٠٣).

دادگای باڵای شۆڕش بە پشتبەستن بە چەند مافناسێکی خاوەن بڕوانامە و پسپۆڕی یاسایی و بە ئەزموون لە باڵەخانەی دادگای بەرایی لە شارۆچکەی (ماوەت) دەستبەکاربوو. ئەو باڵەخانەیەی دادگای تێدا دامەزرا لە شەش ژوور و هۆڵێک پێکهاتبوو، ئەم شوێنە پێشتر شوێنی دادگای بەرایی حکومەتی عێراق بوو لە شارۆچکەکەدا. کردنەوەی دادگا بە ئامادەبوونی لێپرسراوانی پارتی و بەرپرسانی بەندیخانەی ماوەتی سەر بە مەکتەبی سیاسی و چەند ئەفسەرێکی عێراقی، کە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو، لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی ناوچەکە دەستبەکاربوو (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد عەونی لە ٢٧ تشرینی دووەم 2022 لە هەولێر).

شایەنی باسە پێکهاتەی دادگای باڵای شۆڕش، کە باڵاترین دەسەڵاتی دادوەری بوو، لە هەریەک لە عومەر حەبیب عەبدوڵڵا کۆیی سەرۆکی دادگا و موحسین دزەیی ئەندامی یەکەمی دادگا (لە دوای چوار مانگ دەستبەکاربوونی دادگا گواستراوەتەوە دادگا) و ڕۆبیتان ئەمین عەلی جاف ئەندامی دووەمی دادگا و حەسەن سەید ئەحمەد ئەندامی سێیەمی دادگا پێکهاتبوو. ناوبراو بڕوانامەی کۆلێژی مافی نەبووە، بەڵام پێشتر نوسەر بووە لە دادگای سلێمانی ئەزموونێکی زۆری لە بواری دادگا هەبووە، بەم هۆیەوە کرا بوو بە ئەندامی دادگای باڵای شۆڕش (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد عەونی، هەولێر، ٢٧ تشرینی دووەمی ٢٠٢٢)، ئەو دادگایە لێکۆڵەری داد و داواکاری گشتیشی هەبووە، کە کەمال ئەحمەد بەرقی لێکۆلەری دادی بووە، ناوبراو ئەفسەری پۆلیس بووە، شارەزا بووە لە کاروباری لێکۆڵینەوەدا. تاهیرساڵح فەتاح داواکاری

گشتی دادگا بووە، ئەفسەری پۆلیس بووە. هەروەها دادگا دوو نوسەری هەبووە، لەوانە هەریەکە لە سەباح جەلال غەریب و فەرهاد عەونی بوون. پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی دادگاش لە ئەستۆی هەریەکە لە بەکری حاجی فەرەج و لوتفی مەحمود محەمەد بوون (عەونی، ٢٠١٦، ٨٥ ). جگە لەمەش مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دادوەری کاروباری شەرعی بووە لە دادگاکە (دزەیی، ٢٠٢١، ب٢، ٢٣٠). هەروەها تەها بابان یەکێک بووە لە مافناسان لە ماوەت پێشمەرگە بووە، بەڵام نازانرێت لە ناوچەکە کاروباری دادوەری کردوە (جەلال، ٢٠٢١، ٩٧)، بەڵام عومەر دزەیی لە (ماوەت) تەها بابانی بینیوە، هەرچەندە دڵنیا نیە، کە دادوەر بوبێت یاخود نا؟ لەم بارەیەوە ناوبراو وتوویەتی" **نازانم ئەگەر تەها بابانیش لەگەلیانا بووە، چونکە وێنەیەکی جوانم لەگەڵیا هەیە کە لە ماوەت گرتوومانە**" (دزەیی، ٢٠٢١، ب٢، ٢٣٠).

شایەنی باسە، موحسین دزەیی ئەندامی یەکەمی دادگا، دوای ئەوەی بڕیاری ئەندامێتی بۆ دەرچوو، لە دادگا دەستبەکاردەبێت. دەستبەکاربوونەکەشی لە سەرەتای (تشرینی دووەمی ١٩٦٣) بووە. کاتێک بڕیاری بوونە ئەندامی دادگای پێ گەیشتوە، چۆتە ماوەت و دەستبەکاربووە. بەپێی قسەکانی موحسین دزەیش بێت، دوای چوار مانگ لە پێکهێنانی دادگای باڵا لە ماوەت دەستبەکاربووە. ناوبراو لەسەر داوای عومەر حەبیب سەرۆکی دادگا و بە ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی بە ئەندامی دادگاکە دامەزراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین دزەیی، هەولێر، کانوونی دووەم ٢٠٢٤)، هۆیەکەشی هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەو ماویەی دادگای باڵا دەستی بەکارەکانی کردوە، موحسین دزەیی لە دادگای قەڵادزێ دادوەر بووە، بەڵام لە دوای چوار مانگ لەدەستبەکاربوونی دادگای باڵا کراوەتە ئەندامی دادگای ناوبراو، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی جارێکی تر پێکهاتەی دادگا پێداچوونەوەی پێدا بکرێت، هەندێک لە پۆستەکانی دادگا بەسەر ئەندامانی دادگا دابەشبکرێنەوە. دادگای باڵای سزا بە وەکاڵەت بە موحسین دزەیی دەدرێت، کە هەریەکە لە حەسەن سەید ئەحمەد و مافناس کەمال حاجی مستەفا کە پێشتر دادوەر بووە، بوونەتە ئەندام لەو بەشەدا (دزەیی، ٢٠٠٩، ب٢، ٦٥ ).

کاری دادگا لە دوو مەبەستی سەرەکی چڕبۆتەوە، یەکەم چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و پرسە مەدەنیەکانی هاووڵاتیانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، بە تایبەتی کێشەی زەوی و زار و پرسی ژن و ژنخوازی و لێکەوتەکانی. ئەرکی دووەمی بۆ دادگایکردنی جاش و پیاو خراپان و ئەوانەی خیانەتیان لە شۆڕشی کورد کردبوو (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد عەونی، هەولێر، ٢٧ تشرینی دووەمی ٢٠٢٢).

مایەی ئاماژەیە لە بڕیارەکانی دادگای باڵای شۆڕش جەخت لەوە کراوەتەوە لەسەر بنەمای دادپەروەری کار بە یاساکان بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار بڕیارەکانی دادگای شۆڕش کەموکورتیان تێدابووە، بۆ نموونە تۆمەتبارەکانیان بە بەندکردن یان لە سێدارەدان سزاداون، بەبێ بوونی بەڵگە و پەڕاوی لێکۆلینەوە. لەم بارەیەوە موحسین دزەیی وتوویەتی **"دوای وردبینی تۆمار و ئەوراقەکان بینیم، کە وردنین و هەندێک لە حوکمەکان بەبێ بەڵگەی تەواو دراون و تەنانەت هەندێک بەندکرا و بە ئیعدام حوکمدرا و هیچ ئەوراقیان نیە و بێ بەڵگەن"** (دزەیی، ٢٠٠٩، ب٢، ٦٥). ئەمەش جاری وا هەبووە، کادیرێک یان بەرپرسێک لەناو شۆڕش گومانی لە یەکێک کردوە یان لێی ڕازی نەبووە یان کێشەیەکی لەگەڵدا هەبووە، ڕاستەوخۆ بە ناپاک و خۆفرۆش تۆمەتباریکردوە، سکاڵای لەسەر تۆمارکردوە، دوای دەرچوونی بڕیاری زیندانی گیراوە، بەبێ هەبوونی بەڵگەی پێویست، کۆبوونەوەی دادگای لەسەر پێکهاتوە، بڕیاری دادگای بۆ دەرچووە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە یان پێداچوونەوە بە پەڕاوەکانی دادگا، زۆرجار بڕیاری دادگا گۆڕانکاری بەسەر داهاتوە تۆمەتبارەکان ئازاد کراون (دزیی، ٢٠٠٩، ب٢، ٦٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد عەونی ٢٧ تشرینی دووەمی ٢٠٢٢).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئیبراهیم نائیب تائی بە ڕەچەڵەک عەرەب، یەکەم کەس بووە لە لایەن دادگای باڵای شۆڕش دادگاییکراوە، ناوبراو لە ساڵانی (١٩٦١-١٩٦٣) بەڕێوەبەری پۆلیسی شاری (کۆیە) بووە، دوای گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ (کۆیە) لە ساڵی (١٩٦٣) لەگەڵ ژمارەیەک پۆلیسی کورد بەبێ بەرگریکردن لە شارەکەدا خۆیان ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کردوە (ئەحمەد، ٢٠٢٣، ٩٦-٩٧)، ناوبراو تۆمەتبار کرابوو بە ئەنجامدانی کاری نایاسایی و ئازاردان یان ستەمکردن لە هاووڵاتی، بەم تۆمەتانە دادگاییکراوە و بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد عەونی، هەولێر، ٢٧ تشرینی دووەمی ٢٠٢٢)، هەرچەندە لە لایەن دادگای باڵا بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەڵام دوای پێداچوونەوەی پەڕاوەکانی لە لایەن بەرپرسی دادگای سزاکان، بە ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان فەرمانی لە سێدارەدانەکە هەڵوەشاوەتەوە و بڕیاردراوە هەر لە ماوەت بخرێتە ژێر نیشتەجێبوونی زۆرەملێ. بەڵام بەر لەوەی هەواڵی پێداچوونەوەی بڕیاری دادگای باڵای پێبگات لە زیندان ڕایکردوە، لە باڵاخانەی زیندانی ماوەت، کە پێشتر بنکەی پۆلیسی ماوەت بوو، خۆی فڕێداوە لە ئەنجامدا قاچێکی بەسەختی شکاوە، دوای ماوەیەک بە هۆی سەختی برینەکەیەوە هەر لە ماوەت کۆچی دوایی کردوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین دزەیی، هەولێر، لە ٤ کانوونی دووەم ٢٠٢٤).

بەڵام فەرهاد عەونی ئاماژەی بە هەڵاتنی تاوانبار لە زیندان نەکردوە، تەنها ئاماژەی بە ناردنی بڕیاڕی لە سێدارەدانی ناوبراو بۆ مەکتەبی سیاسی کردوە. بەپێی وتەی فەرهاد عەونی، جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا لە لایەن مەکتەبی سیاسی ڕەزامەندی لەسەر دراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد عەونی، هەولێر، ٢٧ تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ ). ئەوەی تێبینیکراوە دادگاییەکەی ئیبراهیم نائیب تائی لەبەرئەوەی یەکەمین دادگاییکردنی دادگای باڵای شۆڕش بووە، دەکرێت بڵێین، دادگای باڵا کەوتبێتە ژێر کاریگەری گیانی تۆڵەکردنەوە، تا ڕادەیەک زیادەڕەوی لە بڕیاردان لە دادگا هەبووبێت، کە بڕیارێکی وا گرانیان بەسەردا سەپاندوە.

هەر لەگەڵ ئیبراهیم نائیب تائی کەسێکی تر بە ناوی غەفور، کە لە هێزەکانی حەرەس قەومی بووە لە ناوچەی مەخموور لە زیندانی ماوەت ڕایکردوە، بەڵام ناوبراو بە هۆی نەشارەزایی لە ناوچەکە لە سەرمان ڕەقبۆتەوە و مردوە (دزەیی، ٢٠٠٩، ب٢، ٧١).

لەبارەی دۆسیەکانی ناوچەکانی تر، ئەگەر توانای چارەسەرکردنی کێشەکان نەبوایە یان تاوانی گەورە لە لایەن تاونبارێک ئەنجامدرابووایە، ئەوا دۆسیەکەی دەگوازرایەوە بۆ دادگای باڵا لە ماوەت، دادگاش بڕیاری یەکلاکەرەوەی دەدا. ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە هەموو ناوچەکانی شۆڕش دادگای بەرایی نەبووە، لە هەندێک ناوچە لە دوای پێکهێنانی دادگای باڵاش هەر لێژنەی شەرعی یان فەرماندە سەربازیەکان و کادیرانی پارتی ڕۆڵی دادگایان دەگێڕا، دادگای بەرایی تەنها لە هەندێک شوێن هەبووە، قەڵادزێ یەکێک بووە لەو ناوچانەی دادگایەکی بەرایی هەبووە، دوای ئەوەی موحسین دزەیی کراوەتە ئەندامی دادگای باڵا، مافناس بابەکر مەحمود پشدەری کراوەتە دادوەری دادگای شارەکە (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد عەونی، هەولێر، ٢٧ تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ ؛ موحسین دزەیی، ٢٠٠٩، ب٢، ٦٠).

شایانی باسە هەر تۆمەتبارێک لە لایەن هێزە چەکدارەکانی شۆڕش یان مەکتەبی سیاسی ڕەوانەی دادگا دەکرا، بڕیاڕی دادگاییکردنی دەدرا مەرج نەبوو کەسی دادگاییکراو تاوانی بەرامبەر بە شۆڕش یان هاووڵاتی ئەنجام دابێت. بۆ نموونە، لیوا حامید قازی بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی بوو، لەسەر ڕێگای سلێمانی- سەرچنار لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە دەستگیرکراوە، ڕەوانەی زیندانی ماوەت کراوە، پاش دەستگیرکردنی دراوەتە دادگا، دوای بەرگری لەخۆکردن و هێنانەوەی بەڵگەی پێویست لەسەر نەبوونی تاوان بەرامبەر هاووڵاتیانی ئاسایی و نەبوونی خراپەکاری بەرامبەر شۆڕش لە بەردەم دادگا، بە بێتاوان دەرچووە و دادگا بڕیاری ئازادکردنی داوە، بە مەرجێک لە ماوەت دەرنەچێت و خراوەتە ژێر نیشتەجێکردنی بەزۆر،

بەڵام دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٦٤ بەیەکجاری ئازادکراوە (عەونی، گولان العربی ٢٥ تموز١٩٩٧، ٦٥).

ئەوەی شایەنی باسە هەر بڕیارێکی دەرچوو لە دادگا، دەبوایە مەکتەبی سیاسی پارتی پەسەندی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دوای ماوەیەک کارکردن لە شارۆچکەی ماوەت، بۆ ئەوەی مەکتەبی سیاسی لە نزیکەوە ئاگاداری پرسی دادگا بێت، دادگای باڵای شۆڕش گوازراوەتەوە بۆ گوندی عیساوێ [٤]، ئەوەی تێبینیکراوە پەسەندکردنی بڕیارەکانی دادگا لە لایەن مەکتەبی سیاسی پارتی، خۆی لەخۆیدا دەستخستنە ناو کاروباری دادگا بووە، نیشانەی سەربەخۆ نەبوونی دادگای باڵای شۆڕش بووە.

لەبارەی ئەوەی، ئایا دەستوەردان لە کاروباری دادگا هەبووە، موحسین دزەیی پێی وتین: "ناڵێم دەستوەردان نەبووە لە دادگاکان، بەڵام دەستوەردان لە کاروباری دادگاکان کەم بوو" (چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین دزەیی، هەولێر، ٤ کانوونی دووەم ٢٠٢٤).

مایەی ئاماژەیە، دادگای باڵا زۆرجار بەکردەنی سەردانی گوند و شارۆچکەکانی کردوە، بۆئەوەی چارەسەری کێشە و گیروگرفتەکانی هاووڵاتیان بکات، بە تایبەتی کێشەی زەوی زار. بۆ نموونە، لە کاتی ڕوودانی کێشەیەکی زەوی و زار لە نێوان دوو بنەماڵەی گوندی ژاژڵێ لە ناوچەی (ماوەت)، عومەر حەبیبی سەرۆکی دادگا بە یاوەری هەندێک لە ئەندامانی دادگا لە (١٠ شوباتی ١٩٦٤) ڕاستەوخۆ سەردانی گوندەکەیان کردوە و چارەسەری کێشەکەیان کردوە، هەردوو لایەنی کێشەکەش بە چارەسەریەکەی ڕازی بوون (عەونی، ٢٠١٦، ١١٠-١١١).

جێگای باسە پرسێکی تری بەردەم دادگای باڵا پرسی شیوعیەکان بوو، چونکە لە دوای کودەتای (٨ شوبات) ژمارەیەکی زۆری شیوعیەکان پەنایان بۆ ناوچەکانی کوردستان هێنا، بەڵام لە لایەن مەکتەبی سیاسی پارتی، کە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری بوو دژایەتیان کران، بە پاساوی ئەوەی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم خراپەی زۆریان بەرامبەر پارتی و کورد کردوە. بەو هۆیەوە کۆمەڵێک کادیر و پێشمەرگەی شیوعی لە زیندانیەکەی مەکتەبی سیاسی بەندکران، بەڵام دۆسیەی ئەمان جیاواز بوو لە گیراوەکانی تر، دادگای نەدەکران تەنها ڕاگیرابوون. بەڕای پارتی تاوانیان ئەوەبوو، کە شیوعی بوون. ئەمەش زیاتر پرسێکی سیاسی بووە نەک پرسێکی یاسایی. یەکێک لەو شیوعیانەی لە لایەن مەکتەبی سیاسی پارتی دەستبەسەرکرابوو ڕەحمانە شەل کادیرێکی ڕێکخستنەکانی جووتیارانی حزبی شیوعی بوو لە دەشتی هەولێر (دزەیی، ٢٠٠٩، ٦٦ )،

هەروەها محەمەد ئەمین پێنجوێنی و کۆمەڵێک پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی (پێنجوێن) دەستگیرکرابوون لە (ماوەت) زیندانی کران، دوای شەش مانگ بە فەرمانی مستەفا بارزانی ئازادکران. یەکێکی تر لەو شیوعیانەی، کە زیندانیکرا هونەرمەند تەها خەلیل بوو، لەگەڵ دەیان کادیری و ئەندامی تری حزبی شیوعی (وەرگیراوە لە: پێنجوێنی، ٢٠٢١، ٢١-٢٧) لەم بارەوە موحسین دزەیی دەڵێت: " **ئەو سیاسەتەی دژ بە حزبی شیوعی لە لایەن هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتیەوە نارەزایی لێ کەوتەوە، پیاو بۆ خوا بڵێت بروسکەیەکی جەلال تاڵەبانیم بینی، کە ئاراستەی ئەندامانی مەکتەب سیاسی کردبوو لە ماوەت، تیایدا داوای ئازادکردنی شیوعیەکان و ڕاوەستانی هەموو کارێکی دژ بەوانی کردبوو**" (دزەیی، ٢٠٠٩، ب٢، ٦٩). هەروەها مام جەلال لەگەڵ کەریم ئەحمەدی سەرکردە لە حزبی شیوعی لە ناوچەی قەڵادزێ سەردانی مستەفا بارزانی کرد، هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی پارتی بەرامبەر شیوعیە ڕاگیراوەکانیانی پێ ڕاگەیاند (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ٢١٣).

لەگەڵ ئەوەی کردەوەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی بەرامبەر بە شیوعیەکان جۆرێک لە کاردانەوە بوو، بەڵام مستەفا بارزانی بەجۆرێکی تر هەڵسوکەوتی لەگەڵ شیوعیەکان کرد، تارادەییەک پێشوازیی لێکردن. واتا، بیروبۆچوونی مستەفا بارزانی بەرامبەر حزبی شیوعی جیاواز بوو لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی. لەم چوارچێوەیەدا بارزانی بروسکەی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کرد و تیایدا داوایکرد پێشوازی لە شیوعیەکان و هێزە دیموکراتەکان بکەن (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ٢١٢). هەروەها بە کردەوە بارزانی لە هەندێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش ڕێگەی بەشیوعیەکان دابوو بارەگای تایبەت بەخۆیان هەبێت و ئازاد بن لە چالاکی نواندن دژی ستەمی ڕژێمی نوێی عێراق. کە بەعسییەکان پیادەیاندەکرد، هاوکات ئازادانە لەو ناوچانە هاموشۆیان کردوە و بارەگایان دامەزراندوە (دزەیی، ٢٠٠٩، ب٢، ٦٩).

دادگای باڵای شۆڕش چالاکانە کارەکانی ڕاییدەکرد، تاوەکو لە (١٠ شوباتی ١٩٦٤)، ڕێککەوتنی مستەفا بارزانی لەگەڵ عەبدولسەلام عارف سەرۆک کۆماری عێراق ڕاگەیەنرا [٥]. ئەمەش بووە هۆی نارازیی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و ناکۆکیەکانی نێوان مەکتەبی سیاسی و مستەفا بارزانی قوڵکردەوە. ئەم ناکۆکیانەش کاریگەری لەسەر تەواوی شۆڕش و دامودەزگاکانی شۆڕش هەبوو. لە چوارچێوەی ئەو ململانێ و ناکۆکیەدا کارەکانی دادگای باڵای شۆڕش وەکو دەزگاکانی تری شۆڕش سستی بەخۆیەوە بینی، تاوەکو بەستنی

(کۆنفرانسی ماوەت) لە (٤ نیسانی ١٩٦٤). دوای دروستبوونی گرژی لە نێوان هەردوولا، کاروبارەکانی دادگای باڵای شۆڕش وەستا، بەشێک لەو مافناسانەی لە دادگای باڵا وەکو دادوەر ڕۆڵیان هەبوو، کۆتاییان بە کارەکانییان هێنا و ماوەتیان چۆلکرد، بەرەو ناوچەکانی (سلێمانی و ڕانیە و قەڵادزێ) ڕۆیشتن (دزەیی، ٢٠٠٩، ب٢، ٨٣-٨٥ ). هەندێکیشیان خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردەوە. لەوانە دادوەران عومەر حەبیب کۆیی و ڕۆبیتان ئەمین عەلی جاف، (چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین دزەیی، هەولێر ٤ کانوونی دووەمی ٢٠٢٤)، ئەوەی تێبینیکرا، ڕۆبیتان جاف لەدوای (١٩٦٦) لە لایەن حکومەتی عێراق کرایە قایمقامی قەزای ئامێدی (محمد، ٢٠٢١، ١٢٩).

**دووەم: ڕۆڵی مافناسان لە دامەزراندنی دادگاکانی شۆڕش لە ماوەی (١٩٦٤- ١٩٦٦)**

لەدوای کودەتای (١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣) عەبدولسەلام عارف تاکلایەنە توانی دەسەڵات وەربگرێت. بەعسییەکانی لە دەسەڵات دوورخستەوە، هێزی حەرەس قەومیەکانی هەڵوەشاندەوە. ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕشی سەرلەنوێ بەهەمان ناوی پێشووتری پێکهێنایەوە. لە دوای ئەم کودەتایەش تاڕادەیەک بەرەکانی شەڕ لەگەڵ کورد ئارامی بەخۆیەوە بینی، بارزانیش لە بەرامبەریدا هەوڵیدا دامودەزگای شۆڕش پێکبهێنێت. یەکەم کاریش پێکهێنانی ئەنجومەنێک بوو بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق. بۆئەم مەبەستەش لێژنەیەکی لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی و سەرۆک هۆزەکان و کەسایەتیە سەربەخۆکان پێکهێناوە، ئەندامانی لێژنەکەش پێکهاتبوون لە (مافناس جەلال تاڵەبانی، نوری شاوەیس، هاشم ئاکرەیی، سەدیق ئەتروشی، تەها بامەڕنی، عەباس مامەند ئاغا و وەهاب ئاغای جوندیانی)، بەڵام بەهۆی جیاوازی تێڕوانینیان و بەرژەوەندیەکانیان، لێژنەکە سەرکەوتوو نەبوو لە دامەزراندنی ئەنجومەنەکە (محمد، ٢٠٢١، ٣٩).

شایەنی باسە لە دوای لێکترازانی پارتی لە ساڵی (١٩٦٤) بێ دادگایی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش بەردەوام بوو، تاوەکو بەستنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی لە (١-٩ تەمموزی ١٩٦٤) لە (قەڵادزێ). یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە، پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، کە تەواوی دامودەزگا کارگێڕی و سەربازی و سیاسیەکان لەخۆی بگرێت (مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرە و کۆنفرانس، ٢٠٢١، ب١، ٢١١)، بەڵام لە ماوەی نێوان کۆنگرەی شەشەم و پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، نووسینگەیەکی دادوەری لە لایەن شۆڕشەوە دامەزرێندرا، لەو نوسینگەیە موحسین دزەیی وەکو بەرپرسی بەشی دادوەری

دەستبەکاربوو، لەم بارەیەوە ناوبراو دەڵێت: " **بەگوێرەی بنەما ئوسولی و یاساییەکان و بەپێی توانا و هەبوونی کادیری یاسایی و نیمچە یاسایی دادگاکانم رێکخستەوە"** (دزەیی،٢٠٠٩، ب٢، ٩٣)، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە لە قۆناغەکانی دواتر کاتێک دادگاکانی کوردستان لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کوردستان دامەزران، دادگاکان بە کەسی جۆراوجۆر پڕکراونەتەوە، تەنها خاوەن بڕوانامە و پسپۆرانی یاسایی ڕۆڵیان نەبووە، بەڵکو کەسانی تریش ڕۆڵیان هەبووە، ڕۆڵی دادوەریان گێڕاوە، ئەمەش زیاتر بۆ نەبوونی پسپۆڕی تایبەت بەبواری یاسا دەگەڕێتەوە.

هەرچەندە کاری سەرەکی دادگا دەستەبەرکردنی دادپەروەری و جێبەجێکردنی یاسا و نەهێشتنی تاوان بوو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، بەڵام زۆرجار بەرپرسی لێژنەی دادوەری موحسین دزەیی چارەسەری گیروگرفتەکانی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی شۆڕش دەکرد، بە تایبەتی ئەو گرفتانەی لە هەولێر لە نێوان سوپا و دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە لایەک و هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەکی ترەوە ڕوویاندەدا، بە تایبەتی لەوکاتەی کە گفتوگۆ لە نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕش لە ئارادابوو. ئەمەش بەهۆی هەبوونی پەیوەندی نێوان سەرۆکی دادگاکانی کوردستان لەگەڵ هەریەکە لە پارێزگاری ئەوکاتی (هەولێر) عەبدولمنعم مەسرەف و گەورە بەرپرسانی یەکەکانی سوپا لە (هەولێر) (دزەیی، ٢٠٠٩، ب٢، ٩٣). ئەوەی تێبینیدەکرێت، ئەمەش جۆرێک بوو لە نەرمی نواندنی لایەنی سوپا و دامودەزگای کارگێڕی حکومەتی ئەوکاتی عێراق، بەهۆی هەبوونی گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا، هەرچەندە پەیوەندیەکانیان لەسەر ئاستی باڵای حکومەت نەبووە، تەنها بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە بوون، کە زۆر گەورە نەبوون. پێدەچێت سیاسەتی دەسەڵاتی خۆجێی لە هەولێر، کە لە لایەن پارێزگارەوە سەرۆکایەتی کراوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسانە لە لای خۆیانەوە زەمینەی ئەم پەیوەندیەیان ڕەخساندبێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، دوای پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و نوسینەوەی دەستور و یاساکانی تایبەت بە ئەنجومەنەکە، بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی بڕیاری لێدرابوو (محمد، ٢٠٢١، ٤٥)، دوای ئەوەی لە سەرەتای مانگی (تشرینی یەکەمی ١٩٦٤) ئەنجومەن کۆبوونەوەیەکی کرد بۆ دیاری کردن و پێکهێنانی چەند لێژنەیەک لە بوارە جیاوازەکان، بە مەستی چالاککردنی دامودەزگاکانی کارگێڕی و سەربازی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە لە (٩ تشرینی یەکەمی١٩٦٤) بڕیاری

پێکهێنانی پێنج لێژنەی جۆراوجۆری دا، لەوانە، لێژنەکانی سەربازی، دارایی، کارگێری، دادوەری و لێژنەی دەستور. لێژنەی دادوەری بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری دادگای شۆڕش و ئەو گیروگرفتانەی پێویستیان بە دادگا هەیە، دامەزرا بوو. ئەندامانی ئەو لێژنەیەش پێکهاتبوون لە مافناسان (حەبیب محەمەد کەریم و موحسین دزەیی) لەگەڵ هەریەک لە (شێخ سالح و ملازم تاهیر)، دیارە ئەوانەی دواییان مافناس نەبوون (محمد، ٢٠٢١، ٦٢). لە پێکهێنانی لێژنەکە کەسانی پسپۆر بە کاروباری یاسایی هەبوون لەگەڵ کەسانی سەربازی و کۆمەڵایەتی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە دادگاکان تەنها پشت بە هەڵگرانی بڕوانامەی ماف نەبەستراوە.

دوای ئەوەی لێژنەی دادوەری لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەستنیشانکرا، لێژنەکە لە (١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٦٤) یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، لێژنەی دادوەری، بە (سێزدە) مادده یاساکانی دادوەری دارشت. ئەوەی لە یاساکە هاتبوو جەختکردنەوە بوو لەسەر سەربەخۆی سیستەمی دادوەری لە کوردستان، بەبێ دەستوەردانی لایەنی کارگێری و سەربازی و حزبی لە کاروباری دادگاکان، لەگەڵ ئەو یاسایانەی لە کوردستان پێویستە جێبەجێبکرێن، کە تایبەت بوون بە کێشەکانی سزادان و شارستانی و شەرعی، یاساکانیش هەمان یاسای سزادانی بەغدا بوون، کە پێویست بووە بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە (وانلي،٢٠١٢،٣٢٠-٣٢١)[٦].

دوای دەرچوونی یاسای دادوەری دادگاکانی شۆڕش بەسەر سێ ئاست دابەشکرابوون، دادگای بەرایی (بچوکەکان) کە خاوەنی یەک دادوەر بوون، دادوەرەکە دەسەڵاتی ڕاییکردنی کێشەی مافە مەدەنی و شەرعیەکانی هەبووە، لەهەمان کاتدا دەسەڵاتی دادوەری لێکۆلینەوەشی هەبووە، دادگاکە تایبەت بووە بەو کێشانەی کە سزای تاوانبار لە دوو ساڵ زیاتر نەبووە لە سنوری ناوچەی دەسەڵاتی دادگاکە (نانەکەلی، ٢٠١٦، ١٠٦). بۆ نموونە، لە (گەلاڵە) هەر لە ساڵی (١٩٦٤) بۆ ڕاییکردنی کاروباری هاووڵاتیانی ناوچەکە و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان دامەزراوەی دادگا هەبووە، هەریەک لە (حاکم حوسێن عەولا بەگ و عەلائەددین ئاکرەیی) لەو دادگایە دادوەر بوون (گوندەژۆری، ٢٠١٨، ٣٧-٣٨). لەساڵی (١٩٦٥) لە (ناوپردان) دادگایەکی هاوشێوەی (دادگای گەلاڵە) دامەزرا، مافناس حەسەن پشدەری کاروباری ئەو دادگایەی بەڕێوەبردوە (نانەکەلی، ٢٠١٦، ١١٠).

دادگا گەورەکانیش لەسێ دادوەر پێکهاتبوون، دادوەرێک سەرۆکی دادگاکە و دووەکەی تر جێگری سەرۆکی بوون، مەرج بووە دوو لە دادوەرەکان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان لە کۆلێژی

ماف هەبێت، دادگا گەورەکان دەسەڵاتی پێداچوونەوەیان بەو کەیسانە هەبووە کە لە دوو ساڵ زیاتر سزا دراون، لە هەموو کوردستان تەنها دوو لە دادگا گەورەکان هەبوون یەکێکیان تایبەت بوو بەناوچەکانی (موسڵ و هەولێر) و ئەوەی تریان بۆ ناوچەکانی تری وەکو (سلێمانی و گەرمیان) تەرخانکرابوو (وانلی، ٢٠١٢، ٣٢٠)،

هەروەها دادگای پێداچوونەوە (تەمییز) هاوشێوەی دادگای تەمییزی عێراق بوونی هەبووە، دەبوو لەسێ دادوەر کەمتر نەبێت، لە کۆبوونەوەکانی دادگاکەدا، دادوەرەکانیشی لە لایەن نوسینگەی ڕاپەڕاندنی سەربە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دادەمەزران، زۆرجاریش لە کاتی پێویستی بە تایبەتی لە بابەتێکی پەیوەندار بە کاروباری شەرعی، یەکێک لە شارەزایانی ئەم بوارە بەشداری دانیشتنەکانی دادگای کردوە (نانەکەلی، ٢٠١٦، ١٠٧). بارەگای سەرەکی دادوەری کەوتبووە ناو سەربازگەی نوسینگەی ڕاپەڕاندن، کە لە سێ دادوەر پێکهاتبوو. سەرەتای دامەزراندنی دادگای پێداچوونەوە (عەونی یوسف)[٧] سەرۆکایەتی کردوە، بەڵام ماوەی سەرۆکایەتیەکەی کەم بووە. لەم بارەیەوە موحسین دزەیی دەڵێت: " **تەنها سێ تاوەکو چوار مانگ لە کارەکەی بەردەوام بووە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ گەڕاوەتەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت**" (چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین دزەیی لەهەولێر، ٤ کانوونی دووەمی ٢٠٢٤)، بەڵام بەڕای عیسمەت شەریف وانلی (عەونی یوسف) تاوەکو ساڵی (١٩٦٦) وەک سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بەردەوام بووە، دواتر لەساڵی (١٩٦٦) بە دواوە (پارێزەر عیرفان تاڵەبانی) بۆتە سەرۆکی دادگاکە بەشێوەی کاتی، بەڵام موحسین دزەیش ئەندامی نوسینگەی ڕاپەڕاندن و بەرپرس بووە لە دامەزراندنی سیستەمی دادوەری مەدەنی (وانلی، ٢٠٠٩، ٣٤٠). بەڕای توێژەر، ڕایەکەی موحسین دزەیی لەبارەی ماوەی مانەوەی عەونی یوسف لە ناو شۆڕش پەسەندتر بێت لە زانیاریەکانی عیسمت وانلی، چونکە دزەیی خۆی بەرپرس و دامەزرێنەری سیستەمی دادوەری بووە، لەهەمانکاتدا هەر دادوەرێک لە دامودەزگا دادوەریەکانی شۆڕش بە ئاگاداری ناوبراو کاریکردوە.

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هاوکات لەگەڵ هەبوونی دادگای باڵای شۆڕش و دادگای مەدەنی وەکو دادگاکانی تاوان و شارستانی و شەرعی، دادگاکانی سەربازیشی دامەزراند. بە جۆرێک هەموو یەکەیەکی سەربازی و هێزەکانیان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دادگای تایبەت بەخۆیان هەبوو، دادگا سەربازیەکان لە لایەن ئەفسەرێکەوە کاروبارەکانی ڕێکدەخران، هەندێکجاریش پێشمەرگەیەک کاری دادگا

سەربازیەکانی ڕاییدەکرد. هەندێک لە سەرچاوەکان باس لە هەبوونی دادگای باڵای سەربازیش دەکەن، کە یەکێک لە بارەگاکانی لە ماوەت بووە، لە لایەن (عەقید بەهجەت عەونی) سەرۆکایەتی دەکرا، لەگەڵ دوو لە دادوەرە مەدەنیەکان، کە یەکێکیان محەمەد ساڵح قەرەداغی بووە، ناوبراو بڕوانامەی کۆلێژی مافی لە زانکۆی بەغدا هەبووە (وانلی، ٢٠١٢، ٣٤٠).

ئەوەی جێگای باسکردنە، ئەرکی دادگای سەربازی پرسە سەربازیەکان بوو. واتا، نەدەبوو تێکەڵ بەکاروباری مەدەنی بکرێت. ئەم دادگایەش بۆ ئەندامانی لەشکری کوردستان بوو، بە تایبەتی ئەو دۆسیانەی تەنها لایەنی سەربازی دەگرتەوە، بەڵام ئەگەر لەو دوو لایەنەی دەبردرانە بەردەم دادگا، یەکێک لە لایەنەکان خەڵکی ئاسایی بوایە، واتا، سەر بە دامودەزگاکانی سەربازی نەبوایە، دۆسیەکە ڕاستەوخۆ دەگواسترایەوە بۆ دادگا مەدەنیەکان (نانەکەلی، ٢٠١٦، ١٠٦). زۆر جاریش پیاوانی ئاینی لە سنوری هێزە سەربازیەکان ڕۆڵی دادوەریان دەگێڕا. یەکێک لەوانە مەلا سەدیق عەبدوڵلا، کە لەساڵی (١٩٦٦) لە سنوری هێزی ڕزگاری بووە سەرۆکی دادگای شەرعی، کە بارەگای هێزەکە لە ناوچەی سەرگەڵوی سەر بە ناحیەی سورداش بووە، هەروەکو ناوبراو ئاماژەی پێدەدات، دەڵێت: " **هەر کێشەیەک چ ئاینی چ نیشتمانی ڕووی بدایە دوای بڕیاری خۆمان بە نوسراو بەرزمان دەکردەوە بۆ لێژنەی باڵا لە (ناوپردان، گەلاڵە)**" (نەقشبەندی، گۆڤاری پەیامی ئەیلول، ژ:٧ی ٢٠٠٩). بەوردبوونەوە لە دادگا سەربازیەکان، مافناسان و خاوەن بڕوانامەی کۆلێژی ماف و پسپۆڕی یاسایی کەمترین ڕۆڵیان لەم دادگایانە هەبووە، ئەوانەی زیاتر هەژموون و کاریگەریان زیاتر بووە لەسەر کارەکانی، کەسانی سەربازی بوون، لەوانەش کادیرانی سەربازی و سەرقۆڵەکانی شۆڕش، هەندێکجاریش پیاوانی ئاینی ڕۆڵیان پێدراوە.

لەڕاستیدا بارەگای دادگای باڵای کوردستان لە گوندی ناوپردان بوو، ئەرکی لێکۆڵینەوە بوو لەو بڕیاریانەی کە لە لایەن دادگاکانی ناوچە ڕزگارکراوەکانەوە دەردەکران، لە هەر ناوچەیەکی ئازادکراوی کوردستان هەر بڕیارێک دەرچووبایە بە نوسراو ئاڕاستەی دادگای باڵا دەکرا لە ناوپردان، ئینجا لەوێ بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدرا (عومەر، ٢٠٢١، ١٠٨).

لەگەڵ هەبوونی دادگاکان لە شۆڕشی کوردستان بەشی پشکنین و پێداچوونەوەی دادگاکانیش دامەزران، ئەمەش لە ئەستۆی دادگای پێداچوونەوە بووە، ماوە ماوە یەکێک لە ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە، لە لایەن دادگا دەنێردرا بۆ دادگاکانی شۆڕش بە مەستی بەدواداچوون بەکاروباری دارایی و کارگێڕی. پشکنەرەکە لە دوای پێداچوونەوە بە کاروباری دادگاکان بە ڕاپۆرتێک تەواوی کاروبار و گرفتەکانی بەردەم دادگاکەی دەدایە دادگای

پێداچوونەوە (تەمییز)، دادگای پێداچوونەوەش بە ڕاپۆرتێک لێژنەی ڕاپەڕاندنی لە ئەنجامی بە دواداچوون و هەڵسەنگاندنی دادگاکە ئاگادار دەکردەوە (نانەکەلی، ٢٠١٦، ١٠٩). لەم بارەیەوە، سەعید ناکام دوای ئەوەی لە زیندانی (نوگرە سەلمان) ئازادکرا، پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کرد لە ناوچەی باڵەکایەتی. لەبارەی پشکنەری دادگا زانیاری خستەڕوو، باسی لەوەکرد، کە کاتێک " **هاتمە ناوپردان، کە بارەگای مەکتەبی سیاسی لێ بوو، ئەوان بڕیاریان دا، کە بچمە... خانوی مەلا خدر، کە پشکنەری دادگاکانی شۆڕشە و بۆ ڕێکخستنی دادگانی شۆڕش نێردراوە بۆ ناوچەی بادینان. ئەم مەلا خدرە پارێزەر و ڕۆژنامەنوسێکی موسلاوییە و ناوی یوسف مەتییە و سەر بە حزبی کۆمۆنیستی عێراقە لە ترسی گیانی خۆی پەنای بۆ شۆڕش هێناوە و چونکە قانونزانە ئەرکی پشکنێری دادگای پێ سپێردراوە**" (ناکام، ٢٠٠٣، ١٤٢).

شایەنی باسە خەرجی دادگاکان و مووچەی دادوەر و کارمەندانی دادگاکان لە باج و پیێژاردن و موڵکی دەستبەسەرداگیراو (املاک مصادرة) کۆدەکرایەوە و ڕەوانەی لێژنەی ڕاپەڕاندن دەکرا، لە کۆتایی مانگدا لێژنەی ڕاپەڕاندن مووچەی دادوەر و کارمەندەکانی لێ دابیندەکرد (وانلی، ٢٠١٢، ٣٢١).

**ئەنجام:**

توێژینەوە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- دامەزراندن و پێکهێنانی دادگای باڵای شۆڕش، لە ئەنجامی هەبوونی پێویستی شۆڕشی ئەیلول بووە، کە بتوانێت شوێنی دادگاکانی حکومەتی ناوەندی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕشدا، بە پشتبەستن بە یاسای سزایەکان دادگاکانی عێراق بگرێتەوە.

٢- هەرچەندە لە بەڕێوەبردنی دادگاکاندا سەرکردایەتی شۆڕش لە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لەو کاتە سەرکردایەتی شۆڕشی دەکرد، هەوڵیانداوە زۆرترین دادوەر و مافناس لە دامەزراوە دادگاییەکان ڕۆڵبگێڕن، کاروباری داگاکان بەڕیوەبەرن، بەڵام بەهۆی کەمی دادوەری خاوەن بڕوانامە و مافناس لەناو ڕێزەکانی شۆڕش، لە زۆرێک لە ناوچەکانی شۆڕش کادیرانی پارتی و سەرکردە سەربازیەکان ڕۆڵی دادوەریان گێڕاوە، بڕیاریان لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی داوە. لە کاتێکدا ئەستەم بووە ئەوان وەک دادوەران و پسپۆڕان ئەو ڕۆڵە

بە باشی بگێڕن و ڕووی جوانی شۆڕشی ئەیلول پیشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی بدەن.

٣- بەهۆی هەبوونی ئاستی تێگەیشتنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی و ترادسیۆنە خێلەکیەکانی و بەهێزی پێگەی پیاوانی ئاینی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، پیاوانی ئاینی ڕۆڵێکی کاریگەریان پێدرابوو، لە زۆر شوێن و ناوچە قازی شەرعی شۆڕش بوون یان لە دادوەرێک زیاتر ڕۆڵیانگێڕاوە، لەبڕیارداندا قسەی یەکلاکەرەوەیان هەبووە.

٤- هەرچەندە لە بڕیارداندا جەخت لەسەر بێلایەنی دادگاکانی شۆڕش دەکرایەوە، کە نابێت بە هیچ جۆرێک دەست لە کاروباری دادگاکان وەربدرێت، بەڵام لە هەندێک بار یان زۆرجار دادگاکان دەکەوتنە ژێر کاریگەری کادیرانی پارتی و سەرکردە سەربازیەکان، وەکو پێویست دادپەروەری پەیڕەو نەدەکرا.

٥- سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول تاڕادەیەک توانی ئاسایش و ئارامی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی لە ڕێگەی دادگاکان بۆ هاوولاتیان دەستەبەربکات، ڕێگا لە تەشەنەکردنی گیرگرفتەکانی کۆمەڵایەتی بگرێت.

٦- لە ئەنجامی کەرتکاریەکەی پارتی بەشێک لە مافناسان لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی هیچ ناوچەیەکی کوردستان لەژێر دەسەڵات مەکتەبی سیاسی نەمایەوە، لە وڵاتی ئێران خرانە ژێر چاودێری، هیچ دامەزراوەیەکی دادگایان لەژێر دەسەڵات نەمایەوە.

پەراوێزەکان:

(١) لەساڵی ١٩١٣ لە گوندی مایی لە بادینان لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتای لە قوتابخانەی بامەڕنێ تەواو کردوە، دواتر خوێندنی ئاینی لە مزگەوت دەخوێنێت، هەرزوو تێکەڵ بەکاری سیاسی دەبێت لە ڕێکخراوەکانی خۆیبوون، دواتر لە حزبی هیوا دەبێتە ئەندام و لە ساڵی ١٩٤٦ دەچێتە ڕیزەکانی پارتی، لە ساڵی ١٩٥٨ بەدواوە چەندین وتاری نەتەوەیی لە ڕۆژنامەکان بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ پارێزەر جەرجیس فەتحوڵڵا لە شاری موسڵ ڕۆژنامەی (الحقیقە- ڕاستی) یان دەرچواندوە، لە یەکێتی ئەدیبانی عێراق ئەندام بووە، هەروەها بەشداری کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی لە شەقڵاوە کردوە. لە ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە شۆڕش دەکات لە ٢٢ حوزەیران ١٩٦٣ لە شەڕێکدا لەگەڵ حکومەتی عێراقی گیانی لەدەست دا (شارەزا، ٢٠١٤، قامووسی ناوە نەمرەکان ١٢٦-١٢٧).

(٢) لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، دەرچووی کۆلێژی مافی بەغدا بووە لە ١٩٤٨، لەساڵی ١٩٤٦ چۆتە ناو ڕیزەکانی پارتی، لە ساڵی ١٩٥٧ دەبێتە دادوەر لە قەزای پێنجوێن، دواتر

لە دادگاکانی سلێمانی و قەڵادزێ کاری دادوەری دەکات، لە شوباتی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات، لە تەمموزی هەمان ساڵ لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕش کاری سەرۆکی دادگای باڵای شۆڕش لە ماوەت پێسپێردراوە، ناوبراو لە٤ ئەیلولی ١٩٧٦ کۆچی دوایی کردوە (عەونی، ٢٠١٩، ٥٦-٥٧ ).

(٣) لە ساڵی ١٩٢٧ لە شارۆچکەی کفری لە دایک بووە، دەرچووی کۆلیژی مافی زانکۆی بەغدایە لە ١٩٥١ دواتر بە پلەی دادوەر کاری لە شار و شارۆچکە جیاوازەکانی کوردستان کردوە، لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردستانەوە کردوە، دوای نەمانی دادگای باڵای شۆڕش گەڕایەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق، لە ساڵی ١٩٦٦ بە دواوە، دەکرێتە قایمقامی ئامێدی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، دواتریش دەکرێتە ئەمینداری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە عێراق تاوەکو ١٩٧٦ بەردەوام بووە (بڕوانە: عەونی، ١٩٩٧، ٦٤؛ محەمەد، ٢٠٢١، ١٢٩).

(٤) عیساوێ گوندێکە لە نزیک شارۆچکەی ماوەت لە لیوای (پارێزگای) سلێمانی (مەجید، ٢٠١٢، ١٦٠).

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ (بڕوانە: شکیب عقراوی، ٢٠٠٧، ١٥٢-١٥٣).

(٦) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی یاساکانی دادوەری کە لە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ لە لایەن لێژنەی دادوەری بڕیاری لێدرا بوو ( بڕوانە: نانەکەلی، ٢٠١٧، ١٦-٢٣).

(٧) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ژیان و ڕۆڵی سیاسی و هەڵوێستەکانی مافناس عەونی یوسف (بگەڕێوە بۆ: تەها، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٥٣، ٢٠٢٢).

**سەرچاوەکان:**


یەکەم: بیرەوەری و یاداشتەکان

أ. کوردییەکان

١. ئیبراهیم جەلال (٢٠٢١)، عەشق و خەبات و ئازادی (بیروەرییەکان)، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

٢. پێنجوێنی، محەمەد ئەمین (٢٠٢١) چۆن بووم بەپرد؟!، بیرەوەرییەکانی محەمەد پێنجوێنی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی

٣. دزەیی، موحسین (٢٠٠٩)، وێستگەکانی ژیانم، ب٢، و: ئسماعیل بەرزنجی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٤. دزەیی، هۆمەر (٢٠٢١)، لە دوو گردکانەوە بۆ بنی دونیا، ب٢، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
٥. عەسکەری، مستەفا (٢٠١٩)، بیرەوەریەکانم، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٦. عەونی، فەرهاد (٢٠١٦)، رۆژگارم ئاوا تێپەڕی، ب١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٧. کەریم ئەحمەد (٢٠٠٧)، بیرەوریەکانی کەریم ئەحمەد، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی.
٨. ناکام، سەعید (٢٠٠٣)، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
ب. عەرەبیەکان:
٩. القیسي، سیف عدنان (٢٠٢٣)، مكرم الطالباني الحیاة لا تجري دوما حفیفة ناعمة، دار سطور للنشر والوزیع، بغداد.
دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردییەکان:
١٠.حەیدەری، مومتاز(ئەوانی تر) ٢٠١٤، قامووسی ناوە نەمرەکان، ب١، هەولێر.
١١.خان ئاودەلی، فاخرعالی (٢٠١٤)، ڕۆڵی زانایانی ئاینیی لە ژیانی سیاسی هەولێردا ١٩٤٥-١٩٧٥، چاپخانەی هێڤی، بێ شوێنی چاپ.
١٢.ڕێباز دلاوەر عومەر(٢٠٢١)، پێگەی باڵەکایەتی لە شۆڕشی ئەیلولدا ١٩٦١-١٩٧٥، دەستەی ئینسکلوپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، دهۆک.
١٣.زامدار، ئەحمەد (٢٠٢٣)، کۆیە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول دا (١٩٦١-١٩٧٥)، لە بلاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، هەولێر.
١٤.شارەزا، کەریم (٢٠٠٩) کەسایەتییە ناودارەکان، ئینسکلۆپیدیای هەولێر (اربیل).
١٥.عەونی، فەرهاد (٢٠١٩)، لەگەڵ ڕووداوەکان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
١٦.گوندەژۆری، ئیسماعیل (٢٠١٨) شۆڕشی ئەیلول لە باڵەکایەتی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
١٧.مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان- کۆنگرەو کۆنفرانس (٢٠٢١)، ب١، دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
١٨.نانەکەلی، ئاری فاروق (٢٠١٦)، دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر.
١٩.نانەکەلی، ئاری فاروق (٢٠١٧)، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان- عێراق نوسینگەی ڕاپەڕاندن، دەستور و یاساکان ١٩٦٤-١٩٦٥، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٢٠.هەوراز جەوهەر مەجید (٢٠١٢)، شاری سلێمانی (١٤ تەموز ١٩٥٨-١٩٦٨) لێکۆلینەوەیەک لەباروودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

٢١.الشهداء الحزب الشيوعي العراقي، ١٩٣٤- ١٩٦٣، ج١، ط٢، بدون مكان الطبع.
٢٢.شيرزاد زكريا محمد (٢٠٢١) مجلس قيادة ثورة أيلول في كوردستان- العراق ١٩٦٤- ١٩٧٠، إنسكلوپيديا الحزب الديمقراطي الكوردستاني و جامعة دهوك، دهوك.
٢٣.عقراوى، شكيب (٢٠٠٧) سنوات المحنة في كردستان (اهم الحوادث السياسية والعسكرية في كردستان و العراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠)، مطنعة مناره، اربيل.
٢٤.وانلي، عصمت شريف (٢٠١٢)، كردستان العراقية هوية الوطنية (دراسة في ثورة ١٩٦١)، ت: سعاد محمد خضر، مطبعة شڤان، السليمانية.

**چوارەم: چاوپێکەوتن:**

٢٥.چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد عەونی، هەولێر، ٢٧ تشرینی دووەم ٢٠٢٢.
٢٦.چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال محێددین، هەولێر، ٢٠ ئازار ٢٠٢٣.
٢٧.چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین دزەیی، هەولێر، ٤ کانوونی دووەم ٢٠٢٤.

پێنجەم: بڵاوکراوەکان:

ا. کوردییەکان:

٢٨.تەها، شوان محەمەد ئەمین (٢٠٢٢) عەونی یوسف ١٩٠٨- ١٩٨٨ ژیان و ڕۆڵی سیاسی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ: (٥٣).
٢٩. نەقشبەندی، فازڵ محەمەد (٢٠٠٩) دیمانە لەگەڵ مەلا سەدیق عەبدوڵلا، گۆڤاری پەیامی ئەیلول، ژمارە (٧)، کانوونی دووەم.

ت. عەرببیەکان:

٣٠.شريف، طارق ابراهيم (١٩٩٧) عام على رحيل هادي الچاوشلی، گوڵان العربي (مجلة)، العدد(١٣)، ٢٥ حزيران ١٩٩٧، اربيل.
٣١.عەونی، فرهاد (١٩٩٧) قصة تشكيل أول محكمة قانونية أبان ثورة أيلول عام ١٩٦٣، گوڵان العربي (مجلة)، العدد (١٤)، ٢٥ تموز، اربيل.

خشتەی ئەو مافناس و دادوەرانەی کاریان لە دادگاکانی شۆڕش کردوە لە ماوەی ١٩٦٣-١٩٦٦

| ژ | ناوی مافناس و دادوەر | بڕوانامە | ماوەی کارکردن | ناوی دەزگا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | عەبدوڵڵای کانی مارانی | کۆلێژی ماف | ئازاری ١٩٦٣- حوزەیرانی ١٩٦٣ | لێژنەی کارگێڕی کۆیە- کاروباری دادگا |
| ٢ | تەها بابان | کۆلێژی ماف | ١٩٦٣ | ناوچەی بەرزنجە |
| ٣ | عومەر حەبیب کۆیی | کۆلێژی ماف | ١٢ تەمموز ١٩٦٣- نیسانی ١٩٦٤ | دادگای باڵای شۆڕش- ماوەت |
| ٤ | موحسین حەمەدئەمین دزەیی | کۆلێژی ماف | -ئەیلول ١٩٦٣- تشرینی دووەم ١٩٦٣<br>-١٢ تەمموز ١٩٦٣- نیسانی ١٩٦٤<br>- تەمموزی ١٩٦٤- ١٩٦٦ | -دادگای بەرایی قەڵادزێ<br>-دادگای باڵای شۆڕش- ماوەت<br>- لێژنەی دادوەری- مەکتەبی تەنفیزی |
| ٥ | ڕۆبیتان ئەمین عەلی جاف | کۆلێژی ماف | ١٢ تەمموز ١٩٦٣- نیسانی ١٩٦٤ | دادگای باڵای شۆڕش- ماوەت |
| ٦ | حەسەن سەید ئەحمەد | کۆلێژی پۆلیس | ١٢ تەمموز ١٩٦٣- نیسانی ١٩٦٤ | دادگای باڵای شۆڕش- ماوەت |
| ٧ | کەمال حاجی مستەفا | کۆلێژی ماف | تشرینی دووەم ١٩٦٣- نیسانی ١٩٦٤ | دادگای باڵای شۆڕش- ماوەت |
| ٨ | بابەکر مەحموود پشدەری | کۆلێژی ماف | تشرینی دووەم ١٩٦٣- ١٩٦٦ | دادگای قەڵادزێ |
| ٩ | حەبیب محەمەد کەریم | کۆلێژی ماف | تەمموزی ١٩٦٤- ١٩٦٦ | لێژنەی دادوەری- سەر بەمەکتەبی تەنفیزی |
| ١٠ | حوسین عەولا بەگ | | ١٩٦٤- ١٩٦٦ | دادگای گەڵاڵە |
| ١١ | عەلائەدین ئاکرەیی | | ١٩٦٤- ١٩٦٦ | دادگای گەڵاڵە |
| ١٢ | عەونی یوسف | کۆلێژی ماف | ١٩٦٣-١٩٦٤ | سەرۆکی دادگای تەمیز |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٣ | عیرفان تاڵەبانی | کۆلێژی ماف | ١٩٦٤-١٩٦٦ | سەرۆکی دادگای تەمیز |
| ١٤ | محەمەد ساڵح قەرەداغی | کۆلێژی ماف | ١٩٦٤- ؟ | دادگای سەربازی ماوەت لەدوای لێکترازانی پارتی |
| ١٥ | مەلا خدر (یوسف مەتی) | کۆلێژی ماف | ١٩٦٤- ١٩٦٦ | پشکنەری دادگا |
| ١٦ | حەسەن پشدەری | کۆلێژی ماف | ١٩٦٤- ؟ | دادگای ناوپردان |

الملخص

يدور البحث حول دور وتأثير الحقوقيين الكورد في تنشيط وإدارة مؤسسة مهمة كالمؤسسة القضائية في ثورة أيلول في الفترة الواقعة بين (١٢تموز/ ١٩٦٣) كأول يوم لتأسيس المحكمة العليا وإلى سنة (١٩٦٦).

وتكمن أهميتها في أنه في الوقت الذي بدأت فيه ثورة أيلول لم يبق هناك دوائر ومؤسسات إدارية في المنطقة التي كانت تحت سيطرتها. ولكن بجهود ومثابرة بعض النخب الفكرية والسياسية المختصة تمت المحاولة لتأسيس بعض الدوائر والمؤسسات الإدارية في المنطقة وعلى رأسها تأسيس المؤسسة القضائية والتي تعدّ من المؤسسات الإدارية المهمة والمؤثرة للثورة لتسيير أعمال المواطنين وإيجاد الحلول لمشاكلهم بطريقة عادلة.

في هذا البحث أُستُخدم المنهج التحليلي وتم الاعتماد على المصادر والمقابلات في الاستفادة من المعلومات وتقييم وتحليل الأحداث وتسجيلها وفق مبدأ منهج البحث العلمي التاريخي، وإظهار دور الحقوقين وبعض القضاة الكورد في محاكم الثورة.

الكلمات المفتاحية ( ثورة أيلول، المحكمة العليا، قضاة الثورة، القاضي عمر حبيب، المشاكل الاجتماعية)